عەبدوڵڵا سەمەدی

## بۆ دوا ڕۆژێکی ڕووناك

**هەڤاڵ!**

لە زرینگانەوەی شەوێکی ساردی سەرەتای زستانا، لە ژوورێکی نیوە تاریکی ماڵێکی قەراخ شارا، نەدیو و نەناسیاو نامەت بۆ دەنووسم؛ نامەیەکی بێ چارەنووس، لە دڵێکی تەنیای کرووشم هەڵاتووی قوژبنی ڕکەی پەراسوو.

نە بەهیوای گەیشتن، نە چاوەڕوانی وەڵام. دەیخەمە پاڵ باوەشێك دەفتەر و لاپەڕەی سەرگەردان و لە هەگبەی زەمانی داوێژم بۆ تۆی دووره دەست؛ تاکوو لە سەرەتای بەهارێکی ڕەنگینا، کە شنەی خاکەلێوە، پشوو سوار و خۆشرەو، لە کوێستانەوە داگەڕا و پڕ بە بۆشایی دۆڵەکان بۆنی گوڵووك و گژ و گیای دوند و لاپاڵەکانی بۆ هێنای؛ لە کاتێکا پەلەوەر هێلانەی تازە هەڵدەبەستن و یاسەکانی حەوشە شکۆفە دەردەکەن؛ لکە شلکەکان ڕادەژێن و پەڕەسێلکە کوچەریەکان دەگەڕێنەوە و لە سەر شەپۆلی هەوا مەلە دەکەن، لە بەر پەنجەرەیەکی ئاوەڵا، بە دەم ئاوپرژێنی خوناوە و سەمای تۆڕی پەردەکانەوە، هەڵیپچڕی.

با قوڵپەی گریانی شمشاڵی ئەم نامەیە، تێکەڵ بە سەمفۆنیای سروشتا، بە هەنیسکەوە بۆت بێتە دوو؛ هێدی هێدی حەیرانی ژانی پایز و بەستەڵەکی ڕێبەندانی ژینی کەسێکت بۆ بڵێ، کە ساڵیی تەنیا دوو وەرز بوو، یەکیان گژەبا و هەڵوەرین، ئەوی تریان کلووی بەفر و شووشەی سەهۆڵ.

ڕۆژەکانی، لە بەندێتی خۆری مەلوول لە قەڵای قەفـقەڤی هەوری ڕەشا، ئێوارەیەکی گریاناوی بوون و شەوەکانی لە بێسەرو و شوێنیی ئەستێره و مانگ، سیا چاڵێکی تەنگەنەفەس.

**هەڤاڵ!**

وەڕەز و ماندوو، بە دەستی لەرزۆك، وشە وشە و ڕستە ڕستە، قسەی دڵمت بۆ دەنووسم، لە گۆڕیچەی تەنگ و تارا، بە ئاویلکەوە دەتدوێنم؛ ڕازەکانی سەردەمێکی ڕەشت لە لا دەدرکێنم...